

**فۆتۆگرافەر سۆران نەقشبەندی:**

## رۆژنامەی زۆرمان هەیە لەبەر نەبوونی بابەت گرنگی بە وێنە دەدەن!..

سۆران عەبدوڵڵا نەقشبەندی فۆتۆگرافێکی گەنجی چالاکەو یەکێکە لەو گەنجانەی کە توانیویەتی بە کامێراکەی کاریگەریی خۆی بە فۆتۆ لە ڕووبەری رۆژنامەکان دەربخات، ماوەیەک لەمەوبەر لە شاری تاران بەشداریی پێشبڕکێی نێونەتەوەیی فۆتۆگرافی ئازادی کردو پلەی سێیەمی بەدەستهێنا. بۆ تیشک خستنە سەر ئەو بابەتە ئەم دیدارە کورتەمان لەگەڵیدا سازکرد..

***دەکرێت باسی ئەو پێشبڕکێیەی تارانمان بۆ بکەیت و بانگێشتکردنی تۆ بۆ ئەو پێشبڕکێیە چۆن بوو؟**

–پێشبڕکێی نێونەتەوەیی فۆتۆگرافی ئازاد، کە ئەنجومەنی نێونەتەوەیی کەنەدی بۆ هونەری فۆتۆگرافی (کاپا) بەڕێوەی دەبات، ساڵانە لە کەنەداو چەند وڵاتێک لەوانەش ئێران بەڕێوەدەبرێت، تایبەتە بە فۆتۆی ئازادو بەشداربووان لە سەرانسەری دونیاوە دەتوانن کارەکانیان بنێرین بۆ ئەو پێشبڕکێیە. ئەمە دەربارەی پێشبڕکێکە، بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەش، من بانگێشت نەکرابووم، بەڵکو وەکو سروشتی هەر پێشبڕکێیەک بەتایبەت نێونەتەوەیی، چەندین مانگ بەر لە وەرگرتنی کارەکان، کۆمەڵێک ریکلامو ئیعلانی باشی بۆ دەکرێت، لەسەرجەم گۆڤارو ویب سایتو بڵاوکراوەو شوێنە تایبەتەکانی تایبەت بە فۆتۆگرافی، منیش وەک ئەندامێکی (CAPA) دەمتوانی بەشداریی ئەو پێشانگەیە بکەم، هەوڵێکی زۆرم دا تاکو توانیم کارەکانم بگەیەنمە ئەنجومەنەکە.

***هیچ بنەماو رێسایەکی تایبەتی هەبوو بۆ بانگێشتکردنی تۆ، بەواتایەک ئایا لەسەر چ بنەمایەک ئەو پێشبڕکێیە فۆتۆگرافەریان بانگێشت کردبوو؟**

–وەک سەرەتا ئاماژەم پێدا، من وەکو ئەندامێکی کارای ئەو ئەنجومەنەو چەندین رێکخراو و شوێنی دیکە، لەهەر شوێنێک هەر پێشبڕکێو پێشانگەیەکی نێودەوڵەتی بکرێت راستەوخۆ ئاگاداردەکرێمەوە، دیارە ساڵانە ئێمە پارەیەکی زۆر دەدەین بەو شوێنانە، لەبەرامبەر کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی زۆردا، کە ئەمانەش بەشێکە لەو خزمەتگوزاریانەیان، ئەمە ناکاتە بانگێشتکردن، چونکە سەرجەم کارەکانی دیکە دەبێ خۆت ئەنجامی بدەیت، خۆت پرنتی کارەکان بکەیتو لەسەر (CD) ئامادەیان بکەیتو دواتر بە هەزار کێشەو گرفت تاکو لە شوێنێکەوە پۆستی بکەیت بۆ ئەو وڵاتە یان ئەو شوێنە، ئەویش ئایا دەگات یان ناگات. لەبەر ئەوە من تەنها ئاگادارکرابووم، بانگێشتکردن جیاوازە، هیچ لایەنێکی رەسمی ئەو کارانەی ئێمەی نە لەناو کوردستانو نە لەدەرەوەی

کوردستان لەئەستۆ نەگرتووە، جگە لە هاوکاریی بەردەوامو بەرچاوی بەڕێز (کاک بەختیار) کە هاندەری سەرەکیمە بۆ سەرکەوتنەکانم.

***بەدەر لە کارە فۆتۆییەکانی خۆت ئەو کارانەی تری پێشبڕکێکە ئاستی هونەرییان چۆن بوو؟**

–کارەکانی دیکە، من ناتوانم رای خۆم گشتگیر بکەم، مەرج نییە ئەوەی من دەیڵێم وا بێت، بەڵام لەراستیدا چاوی فۆتۆگرافەری رۆژهەڵاتیو بەتایبەت کوردستان چاوێکی مرۆییترو زیندووترە، لەچاو هەموو ئەوانەی من بەرهەمەکانیانم بینی، بەتایبەت لەم پێشانگەیەدا، زیاتر بەرهەمەکان ئەبستراکت، واتە (مجرد) بوون، شوێنو شەقامو پەیکەرو میترۆ و دیوارو بیناو...هتد، بەپێچەوانەی کارەکانی ئێمەوە کە پڕبوو لە ژیانو دەربڕینی هیواو پێکەوەژیانو بەردەوامی.... رەنگە ئەمە بەتەنها رای من بێت، بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا پێشانگەکە بۆ یەکەم جار دەهێنینە کوردستانو ئەوکات هەر بینەرێکو بە چاوی خۆی ئەو جیاوازییانە دەبینێت.

***ئایا لە کوردستان وەک پێویست گرنگی بە کاری فۆتۆگرافی دراوە؟**

–دەمێکە چاوەڕوانی ئەم پرسیارەم، بۆ ئەوەی زوو بە زوو پێتان بڵێم، نەخێر، بەهیچ شێوەیەک لە کوردستان گرنگی بە کاری فۆتۆگرافی وەک هونەرو لەڕووە حیرفەییو پرۆفیشناڵەکەیەوە نەدراوە، ئەمەش هۆکاری زۆرە، بەر لە هەموو شتێک تێنەگەیشتنە لەو هونەرە، بۆ نمونە لەبواری رۆژنامەوانیدا، زۆرن ئەو کەسانەی کە خۆیان بە ئەکادیمی دەزانن، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستاش یان تێنەگشتوون یاخود نایانەوێت تێبگەن لەوەی کاتێک کە وێنەیەک لە رۆژنامەیەک دادەبەزێت بۆ خۆیی گرنگی هەیەو پێویستە وەک بابەتو زیاتریش حسابی بۆ بکرێت، بەڵام نەخێر، گەر پێویست بە وێنەیەک هەبێت بۆ بابەتەکەی خۆی خێرا دەچێتە ئینتەرنێتو سێرجێک دەکاتو وێنەیەکی خراپو بە کوالیتی نزمو نەگونجاو لەگەڵ بابەتەکە دادەنێت، گەر تەماشایەکی رۆژنامە گەورەکانی وەک (الشرق الاوسط) بکەی دەبینی وێنەکان زۆر زیاتر لە بابەتەکە گرنگییان پێدراوە. لە هەموو دونیادا وێنە گرنگیی خۆی هەیە، بەتایبەت گەر وێنەکە رۆژنامەوانی بێت، رەنگە تۆ لە هەزاران دێڕو پەرەگرافدا جێگای فرمێسکی منداڵێکی ئاوارەی کەرکوکو ئەنفالکراوت پێنەکرێتەوە لە نووسینێکدا، بەڵام لە چەند سانتیمەتری فۆتۆیەکدا ئەو کارە دەکرێت.. بۆیە دەڵێم گرنگیی پێنەدراوە.

***ئایا رۆژنامەگەریی کوردی لە چاو رۆژنامەگەریی وڵاتانی تردا سودیان لە هونەری فۆتۆگراف وەرگرتووە؟**

–ئەم پرسیارە گەر شیی بکەینەوە دەبێت لە دوو خاڵدا وەڵامت بدەمەوە:

1–رۆژنامەی زۆرمان هەیە کە بەداخەوە تەنها (لەبەر نەبوونی بابەت) گرنگی بە وێنە دەدەن، ئەویش تەنها ئەوەندەیە کە بە گەورەیی دایدەنێن، ئەمە پێی دەوترێت لاپەڕە پڕکردنەوە، نە فۆتۆگرافەرەکە دەناسێو نە پارەی فۆتۆکەشی داوە، لەبەر ئەوە هەر نازانێت سانتیمەتر چوارگۆشەیەکی ئەو فۆتۆیە بایی چەندە، نازانێ فۆتۆگرافەرەکە چەندە مافی دەخورێت بە دابەزاندنی وێنەکانی لەملاو لەولا بێ ئەوەی نە ئاماژە بەناوی بدرێت نە مافی کۆپی رایتیشی بۆ پارێزرابێت. ئەم کارەساتە بەداخەوە سەرجەم رۆژنامەو گۆڤارەکانی خۆمان دەگرێتەوە بەبێ ئیستیسنا.

2–بەداخێکی زۆرەوە، سەندیکای رۆژنامەنووسانیش ئاوڕی لەم کێشەیە نەداوەتەوە، وەک چۆن یەکێتیی وێنەگران ئەم کێشەیە بە کێشەی خۆیان نازانن، ئەمانەش هەموو دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە هێشتا هونەری فۆتۆگراف لە کوردستان لەچوارچێوەی فۆتۆگرافی شاییو یادگاریو شوێنەگشتییەکان تێپەڕی نەکردووەو ڕوانینێکی نوێ بۆ کەسی فۆتۆگرافەر دروست نەبووە، دواتر کێشەی نەهێشتنی وێنەگرتنیش با بووەستێت، کە هەندێ جار بە شکاندنی کامێراکەت کۆتایی دێت، بۆ نمونە من سەفتەیەک پێناسی جیهانیی

تایبـەت بـە فۆتـۆگرافیم هەیـە، پۆلیـسێك لـە شـەقامی مەولەوی ناهێڵێ وێنەبگرم!.. کێشەکە لەوێدایـە کـە ئـەو پۆلیسە خۆشی نازانێ بـۆ نـاهێڵێ، ئەمـە بـۆ زۆر شـوێنی تریش هەر وایە. بەم پێیـە سـودوەرگرتنی ڕۆژنامەگـەریی کـوردی لـە هونـەری فۆتـۆگراف بـە هـەنگاونانێکی جـدی دەبێـت لـە خـودی هونەرەکـە، ئـەویش بـە ڕێگـرتن لـە ئیـستیرادو وەرگـرتنی وێنـەی دزراو لـە ئینتـەرنێتو ئاوڕدانـەوە لـە فۆتۆگرافـەرە کوردەکـان لەلایـەکو مامەڵـەکردنێکی دروسـت لەگـەڵ شـێوازی بـەکارهێنانی فۆتۆکان لە سەرجەم میدیا کوردییەکاندا.



(ڕێگای من) براوەی خەڵاتی (کاپا)ی نێودەوڵەتی

## هێشتا قسەکانم تەواونەکردووە..




دوای ئـەوەی ڕۆژی 9/18 تیپـی هاوڕێیـانی گـەزیزە بە مەبەستی چەند چالاکییەکی هونەری و پێشکەشکردنی شـانۆیی (هێـشتا قـسەکانم تەواونـەکردووە) گەیـشتنە

بەریتانیا، پاشتریش لە شارەکانی مانجستەرو لەندەن و چەند شارێکی تر نمایشی ئەم شانۆییە دەکرێت.

هێشتا قسەکانم تەواونەکردووە یەکێکە لە دەقەکانی خاتوو گەزیزەو وەك زۆرێك لە دەقەکانی تری باس لە کێشەو گرفتی مێینەی کورد دەکات و ئەو هێڵە جەندەریەش دەخاتەڕوو کە وایکردووە لە کۆمەلگەی کوردیدا بەردەوام مێینە بە چاوێکی کەمەوە سەیربکرێت، بەدەر لە پرۆسەی نووسینیش لەڕووی دەرهێنانەوە گەزیزە هەوڵی داوە پانتایی شانۆ بە ڕوویەکی کراوە بکاتەوە، بەجۆرێك موفرەدەکانی نێو نمایش شانبەشانی ڕوداو و چیرۆکی شانۆییەکە بڕوات، بۆ ئەمەش دەتوانین بڵێین بەهۆی چەند ئەزموونێکی ئەم دواییەی گەزیزەوە ئەم گروپەو دەرهێنەر بوونەتە خاوەن ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆیان.

لە پەیوەندییەکدا سەبارەت بە گەشتەکەیان بۆ دەرەوەی وڵات خاتوو گەزیزە ڕایگەیاند، ئەمە گەشتێکی هونەرییانەی تیپەکەیانە بۆ نمایشکردنی شانۆییەکانیان لە دەرەوەی کوردستان، خۆشبەختانەش ئەمجارە هاتینە بەریتانیا و ئەم پەیوەندییەش بەهۆی هونەرمەند سیامەند عومەرەوە دروستبوو، کە هونەرمەندێکی کوردەو لە بەریتانیا دەژی و زۆر ماندوو بوو تا ئەم گەشتە هونەرییەی بۆ تیپەکەمان سازکرد. ئەوەشی ڕاگەیاند بەدەر لەم نمایشە بڕیارە چەند وۆرك شۆپێکی هونەریش لەو وڵاتە سازبکەن، سەبارەت بە کارو چالاکییەکانی تیپی هاوڕێیانی گەزیزە و ماوەی مانەوەشیان نزیکەی مانگێك دەخایەنێت.

**ماسکەکانی خەیات لە بەریتانیا..**

## حەزدەکەم بینەرکانم تەنها لە سنورێکی دیاریکراودا نەبێت..



ماسکەکان نوێترین ئەزموونی هونەریی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات–ن و پاش ئیشکردن لە ڕوخساری ئەو ماسکانەداو نمایشکردنی لە کوردستان و چەند وڵاتێکی وەك فەرەنساو ئەڵمانیاو سوید مانگی 10 بۆ کردنەوەی پێشانگەی ماسکەکان (خەیات) بەرەو بەریتانیا بەڕێکەوت. لەم گەشتەیدا جگە لە کردنەوەی پێشانگەی ماسکەکان کە 70 تابلۆی نوێن، بڕیاریشە چەند کۆڕو سیمینارێکی هونەری سەبارەت بە ئەزموون و کاری هونەریی خۆی بۆ بینەری کورد و ئەوروپی سازبکات، جگە لە نمایشکردنی هەندێ لە کارەکانی بە ئامێری سینەماڤیزن.

سەبارەت بەم گەشتەی ئیسماعیل خەیات وتی: دیارە من پێشتر چەند وڵاتێکی تر گەڕاوم بۆ نمایشکردنی ئەزموون و کارە هونەرییەکانم، ئەمساڵیش بەهۆی چەند هونەرمەندێکەوە ئەم بانگێشتەم پێگەیشت بۆ کردنەوەی پێشانگە لە بەریتانیا، بێگومان منیش بانگێشتەکەم



قبوڵکردو پێشانگەو چەند کارو چالاکییەکی تری هونەریی سەبارەت بە ئەزموونی هونەریی خۆم لەم وڵاتە پێشکەشدەکەم.

سەبارەت بە سودی هونەریی ئەم گەشتانە هونەرمەند وتی: بێگومان سەفەرکردن و گەشتی هونەری بۆ هونەرمەند زۆر پێویستە، چونکە وا لە هونەرمەند دەکات ببینێت، بێگومان بینینیش بۆ هونەرمەند زۆر پێویستە، ئەمە جگە لەوەی من بۆخۆم بەردەوام حەزدەکەم بینەرەکانم تەنها لە سنورێکی دیاریکراودا نەبێت، بەڵکو سنورێکی زۆر گەورە ببڕێت، بەمەش هونەرمەند لەو سنورە بەرتەسکە ڕزگاری دەبێت کە تەنها لە شارێك یان هەرێمێك بینەر بەرهەمە هونەرییەکانی ببینن، وەك خۆشتان دەزانن من پێشتریش چەندین گەشت و پێشانگەم لە دەرەوەی وڵات کردووەتەوە.

سەبارەت بە پرۆژەی داهاتووی وتی: کۆمەڵێك پرۆژەی گەورەم لەمێشکدا هەیە، بەتایبەتی هەندێکیان کردنەوەی پێشانگەیە لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات و لەگەڵ چەندین پرۆژەی تر کە ڕەنگە ئێستا کاتی نەهاتبێت.

# شانۆیی (وێنەیەکی تری قابیل)

لە (وێنەیەکی تری قابیل)دا فریدریك کافکا بە تەکنیك و ڕیتواڵێکی جیاواز چیرۆکی سەرگەردانییەکانی مرۆڤمان بۆ باس دەکات، سەرگەردانییەك کە ڕەنگە بە تەنها سکێچی کارەکتەرەکانی بتوانن ئەو گوزارشتە ڕاستەقینەیە بکەن، هەروەك چۆن لەم شانۆییەدا بەردەوام کارەکتەرەکان لە ململانێدابوون لە تەك دەسەلات، بەتایبەتیش ئەو دەسەڵاتە سروشتییەی کە کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان لە چوارچێوەی خێزاندا بەرهەمی دێنێت، بەرهەمهێنانێکی ناسروشتی کە دواتر دەبێتە کۆتی گەردنی مرۆڤ، بۆیە بەردەوام ئەو کارەکتەرەی کە کافکا خولقاندوویەتی و دەرهێنەر خستبوویە سەر تەختەی شانۆ کارەکتەرێکی یاخی و بیرکەرەوەو پڕ لە پرسیاربوون، بەهەمان شێوەی کارەکتەرەکانی تری کافکا لە کارەکانی تریدا.

هەروەك (پێشڕەو حەمید)ی دەرهێنەری ئەم شانۆییەش سەبارەت بە بیرۆکەو فۆرمی کارکردنی لە



نمایشدا دەڵێت: ئەم نمایشە جگە لەوەی دیوە شاراوەکانی کوشتنی یەکەمین مرۆڤ لەسەر زەوی

ئاشـــكرادەكات، بەشـــێوەیەكی جـــدیش قـــسەی لەســـە ڕەهەنـــدەكانی توندوتیـــژیی نـــاو خێـــزان و وەهمـــەكانی دەسەڵاتی ســەپاوی باوكساڵاری دەكـات و فاكتــەرەكانی جیاوازیی ناو بوونەوەرە بچوكەكانی خێزانی ڕوماڵدەكات و بانگەشـــەی كوشـــتنی (بـــاوك)ی دەكـــرد لـــە ڕوی ڕەمزییەتەوە..

ســەبارەت بــە ســینۆگرافیای شــانۆییەكەش وتــی: ســینۆگرافیا لــەم نمایــشەدا جگــە لــەوەی لــە خزمــەتی ئیشەكەدا بـووە بەهـەمان شـێوەش پانتاییـەكی پـڕ لـە جـوانیی بەخـشیبووە نمایـشەكەو بینـەری لەگـەڵ خۆیـدا دەبردو بۆ تەنها ساتێكیش بینەر نەیدەتوانی لـە نمـایش دابرێت، كە ئەوەش لایەنێكی ئیستاتیكیی بـە نمایشەكە بەخشیبوو.

لە (وێنەیـەكی تـری قابیـل)دا حـەوت ئەكتـەر ڕۆڵیـان دەبین و بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی گـەرمیان بوو.

(وێنەیـــەكی تـــری قابیـــل) لـــە نووســـینی (فرێـــدریك كافكا)و ئامـادەكردن و دەرهێنـانی (پێشڕەو حەمیـد)ە. بە ئامادەبوونی بینەرێكی زۆری شـارەكانی دەربەنـدیخان و كەلارو دەوروبەری نمایشكرا.

**ئا: زانا محەمەد**





**هۆڵەندا..**

## كۆنتراسی ڕەنگەكانی كاروان عەبدوڵڵا

لە كارەكانی (كاروان عەبدوڵڵا)دا جۆرێك لە كاركردنی ئەبستراكتیانە هەیـە بەتایبـەتیش یـاریكردن بـە ڕەنـگ و ڕوخـسارەكان، ئـەو ڕوخـسارانەی پێـچەوانەی ڕوخـساری ئاســـایی مـــرۆڤ و كەرەســـتەكانی سروشـــتن، بـــەڵكو ڕوخسارێكن ڕەنـگ دروسـتی كـردوون و پێگـەی ڕەنـگ ســەرەكیترین پێگـەیـە تێیانـدا، بەتایبـەتیش كۆنتراسـی نێوان ڕەنگـە گـەرم و ســاردەكانی نێـو تابلۆكـانی جـۆرە ڕیتمێكیان خولقاندووە بـەردەوام بینـەر لـە كـاتی ڕامـانی

لەو کارانەدا هەست بە سکونەت و جۆرێك لە چێژبەخشین دەکات، ڕەنگە گەرمەکان بەتایبەتیش ڕەنگی سوور پێگەیەکی بەهێزی لە کارەکانی ئەودا داگیرکردووە، بەتایبەتیش لە ڕوکاری دەرەوەی تابلۆکان، هەندێ شکڵی قوچەکی وەستاویش کە بە ڕەنگی ساردی شینی تۆخ و شینی ئاسمانی کێشراون جۆرێك لە مرۆڤمان پیشان دەدات لەناو ئەو بابەت گەلانەی کە هونەرمەند دەیەوێت بەسەرهاتێکی تایبەتیمان پێنیشان بدات.

هەر بۆیە کارەکانی ئەو بەدەر لە وەزیفەی هونەری، دەرخەری جۆرێك لە مێژوو و بابەتی تایبەتین، کە مرۆڤ سەنتەری ئەو بابەتانەیە تێیاندا.

یانەی کوردی لە وڵاتی هۆڵەندا، پێشانگەیەکی شێوەکاریی بۆ هونەرمەندی شێوەکار کاروان عەبدوڵڵا کردەوە، ئەو تابلۆیانەی لەو پێشانگەیەدا نمایشکران ئەو تابلۆیانەبوون کە مانگی ڕابردوو یانەی کوردی لە هۆڵەندا بۆ هونەرمەندیان کردەوە..

هەرچۆنێك بێت ئەم ئەزموونەی کاروان عەبدوڵڵا خاوەن تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێش بوو لە مامەڵەکردن لەتەك ڕەنگ و تابلۆو فیگەردا.

**ئا: سەرکۆ**

**ئەم سەرگوزشتەیە.. ڕۆمانی ئەلێساندرۆ باریکۆ**

# گەڕان بەدوای
# بەهەشتی تەکنۆلۆجیدا



زۆربەی ڕەخنەگران وایدەبینن کە ڕۆماننووسی ئیتالیایی (ئەلێساندرۆ باریکۆ) گەلێ دژوار بوو بەلایەوە جارێکی تر بەسەر ئەو بەرکەماڵییە لە شێوە (فۆرم)دا زاڵ بێت کە لە ڕۆمانی (ئاوریشم)دا بەدییهێنا، ئەو ڕۆمانەی بە یەکێك لە جوانترین کارەکانی دەژمێردرێ، چونکە ئەو کتێبانەی دواتری، وا دەهاتنە پێشچاو کە پتر پڕکردنەوە بن و کەمتر قەناعەتپێکەر بن، وەکو ڕۆمانی (قەڵاکانی تووڕەیی) یا (شار)، ئەمە ئەگەر دوو کاری لێ دەربکەین کە (نۆڤێچێنتۆ)و (بەبێ خوێن)،* ئەوا بەدڵنیاییەوە هەمان ئەو بۆنو بەرامەیەی کە لە (ئاوریشم)دا هەستمان پێکردو نووسەرەکەی کرد بە یەکێك لە ڕۆماننووسە دیارەکان، نەك هەر لە ئیتالیادا،

بەڵكو لە ئەوروپاشدا هـەمان ئـەو بۆنو بەرامەیـە لـە دوا رۆمانیـــــشیدا دەبینینــــــەوە كـــــە رۆمـــــانی (ئـــــەم سەرگوزشـتـەیە)یـە، كـە لەلایـەن دەزگـای گالیمـارەوە وەرگێڕانە فەرەنسایییەكەی چاپكراوە.

باریكۆ لەم رۆمانەیدا سەبارەت بە یەكێك لە ئەفسانە بنیاتنـەرە گـەورەكانی مۆدێرنیزم دەدوێـت، كـە ئـەویش ئەفسانەی ئۆتۆمۆبێلو خێراییەكەیەتی، واتە ئەو وەهمی ئازادییـەی لـێ دروست بكـاتو هەسـتو سـۆزی تـرسو خـەمۆكی لـەدوای خـۆی جێبهێڵێـت. نووسـەر لـەم سەرگوزەشتەیەدا بابەتێك دەهێنێتەوە گۆڕێ كـە پێشتر مایەی سەرنجڕاكێشانی گەلێ نووسەرانی تر بووە، هەر لە ئایندەگەراكانی سـەرەتای سـەدەی بیستەوە تـا ئێستا، بەڵام باریكۆ نایەت سـەرلەنوێ ئـەو گەشبینییە بێگـەردو قوربانییـــە بهێنێتـــەوە كـــە بـــۆ نموونـــە لای مـــارینیتی بینیومانە، چونكە ئەم باش دەزانێت كە ئەو پێشكەوتنو پەرەســـەندنەی ئۆتۆمۆبێـــل بـــووە بـــە ســـیمبولی تایبەتمەنـدی، لەگـەڵ خۆیانـدا كەژاوەیـەك كارەساتیان هـەڵگرتووە. واتـە بـەلای ئـەم نووسـەرە ئیتالیاییـەوە، مۆدێرنیزم بەڵێنە بۆ بەختەوەرییەكی هەمیشە هەڵاتوو.

ئەم خوازەیە هەر لە سەرەتاوە تا كۆتایی كتێبەكـەی تەنیوەتـەوە، كـە دەبیـنین مێـژووی بەكۆمـەڵی ئەفسانە گـــەورەكان چ مانايـــەكی نییـــە بـــەبێ سەرچـــڵییە تاكەكەســـییەكانو جەســـتەی مرۆیـــیو هەســـتو ســـۆزە جیاوازەكـان. لێـرەوە، بـاریكۆ لـەڕێی برگـەو كۆپلـەو هـــەروەها لـــەڕێی گێڕانـــەوەكانی ژمارەیـــەك لـــە گێرەڕەوەكانەوە، ژیانی (ئۆلتیمۆ باری) دەگێڕێتەوە، لەو كاتەوەی منداڵ بوو و شەیدای پێشبڕكێی ئۆتۆمۆبێل بـوو، تا دەبێتە سەربازو وەكو هەزاران سەربازی تر هەست بە لەرینەوەی زەوی دەكات لەژێر پێكانیدا لـەكاتی شكستی ئیتالیا لـە (كاپۆرتیۆ) لـە یەكـەم جـەنگی جیهانیدا، تـا دەگاتـــە ســـاڵانی بیســـتەكانو ئـــەم لاوە لـــە دیمەنـــە گـــەورەكانی ویلایەتـــە یـــەكگرتووەكانی ئـــەمریكادا وێـــڵ دەبێـت، بەرلـەوەی بگەڕێتـەوە بـۆ ئینگلتـەرەو خەونـە (شێت)ەكەی بهێنێتە دی، كە لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلێكە لـە مەیـدانێكی پێـشبڕكێ، وەك ئـەوەی بـەوە سـەرلەنوێ رەوتی ژیانی بەرهەمبهێنێتەوە، لەناو تەمومژەوە بـەرەو هەتاو.

رۆمانەكـە لـە مـانگی ئایـاری سـاڵی 1903دا لـە (ڤێرسـای) دەسـتپێدەكات، ئامادەباشـیی هەیـە بـۆ پێشبڕكێیەكی ئۆتۆمۆبێل كە لە پاریسەوە دەستپێدەكات بـۆ مەدریـد، لـە تەمومـژەوە بـەرەو هـەتاو. دووسـەدو بیستوچوار كەس ئامادەی دەرچوون بوونو تـەنها یـەك دەقیقە مەودای نێوانیانە. هەموو لە پـشتی سـوكانەوەن، ماشـــێنەكان ماشـــێنی ئـــەو ســـەردەمەن، بـــەملاولای رێگاكەشدا ملیۆنـەها كـەس بـۆ تەماشاكردن وەسـتاونو پاڵەپەســتۆیانە تــا یــەك چركەســات چــییە هــی ئــەو نمایشەیان لەدەست نەچێت. وەكو مێشی سـەر تۆپـەڵێك شـەكر بـەملاولای رێگاكـەدا چـەقیبوون، بـەڵام خێرایـی ماشـێنەكان دەبێتـە مایـەی گـەلێ رووداو و كوشـتنی ژمارەیەكی زۆر لە خەڵك، هەر بۆیە كەس ناگاتە مەدرید.

لـە دیمـەنی دووەمـدا، ئەلێـساندرۆ بـاریكۆ دوای



تێپەڕینی ساڵێک بەسەر ڕووداوەکانی ئەو پێشبڕکێیەداو لەبەری ئەوبەری شاخەکانی ئەڵبەوە دەچێتەوە سەر ئەو سەرگوزشتەیە.. ئۆڵتیمۆ باری کە سەر بە ناوچەی (بیمۆن)ە، منداڵێکی لاوازبووە، بەڵام دڵێکی بەهێزی هەبووە. باوکی، واتە لیبیرۆ باری، خاوەنی گەراجێکی ئۆتۆمۆبێل بووە. واتە زانیویەتی مانای (ئالجوان کۆلاس) چییەو مرۆڤ چۆن دەتوانێ (فیتیس)ی ماشێن دروست بکات. ڕۆژێ لە ڕۆژان چارەنووس دەستدەخاتە ئەم سەرگوزشتەیەوەو (کۆنت وامبرۆزیۆ) دەنێرێت بۆ لای، کە خەونی بەوەوە بینیوە لە پێشبڕکێی ماشێندا بەشداری بکات، بۆیە بەدوای میکانیکییەکدا دەگەڕێت شایانی ئەو ناوە بێت. پاشان خوێنەر دەچێتە لای بەرەی ئیتالیایی لە ساڵی 1917دا تا بکەوێتە ژێر ئەفسوونی کچێکی ڕووسیاییەوە کە ناوی (ئەلیزا ڤیتا)یەو مامۆستای پیانۆیەو باوەڕی وایە کە پیاوان هەموو منداڵن.

باریکۆ وەکو نەریتی جارانی، دیسانەوە وەکو گێڕەرەوەیەکی درەوشاوەو لێهاتوو لە دروستکردنی ئەمجۆرە کەشو کاراکتەرە سەیرانەی دەبنە نێچیری خەونەکانیان، بەهرەی خۆی دەسەلمێنێتەوە. ڕاکردنی بێوچانی ئەو کەسانە بەدوای ئەو خەونانەدا خۆی بۆ خۆی دەبێتە مانای ژیانیان. لێرەوە دەبینین ئەو ڕەوتە جۆراوجۆرانەی بێ وەستان لەیەک نزیک یان دوور دەکەونەوە، پشت بەو (پانکە) گەورەیەی شێوازەکانی باریکۆ دەبەستن کە وای لێدەکات لە ناوجەرگەی ئەم ڕوانینە پۆستمۆدێرنەوە بچێتە قووڵایی گەلێ لە پێکهاتە سوننەتییەکانی ڕۆمانەوە. بەم پێیە ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی باریکۆ دەکرێن گوایە زۆرلەخۆکردنێکی پێوە دیارە لە نووسیندا، ئەوە فەرامۆش دەکەن کە ئەم شێوازە ڕەگەزێک نییە بۆ ڕازاندنەوە، بەڵکو دەماری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە. باریکۆ، بەدەر لەو ڕۆحە ڕەخنەگرانەیەی، هێشتا باوەڕی بەم ئەدەبە داستانییەیە کە ئاوێتەی هەستو سۆزو شیعرە، ئەو باش دەرک بەوەش دەکات کە ئەم سەردەمەی ئێستامان پێشکەوتنێکی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت. لێرەوە پێدەچێ ئەلێساندرۆ باریکۆ لەم ڕۆمانەیدا (ئەم سەرگوزشتەیە) هاوڕای ئەلیزا ڤیتا بێت – ئەو ئەلیزا ڤیتایەی کە عیشقە ئەستەمەکەی ئۆڵتیمۆیە– کە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەڵێت: (شتێکم دەوێت کە لەم جیهانەدا ونبووە). لەوانەیە ئەمە ئەو واقیعە ونبووە بێت کە نووسەر لەم کتێبەوە بۆ ئەو کتێب سەرسەختانە هەڵوەدایەتیو بەو شێوازە تایبەتییەی خۆی کە بووەتە مایەی بەختەوەری بۆ زۆربەی خوێنەرانی، چونکە ئەو دەزانێت چۆن بە کارامەییو زۆرزانییەوەو بە جۆراوجۆرێتی لە شێوازدا حیکایەتەکەی خۆی بگێڕێتەوە. هەر بۆیە ئێمە لەبەردەمی گەشتێکی مۆسیقیداین لە سەدەی بیستەمداو دیمەنەکان لە جۆرێک (مۆسیقای سپی)دا چڕدەبنەوە، ئەو مۆسیقایەی کە نووسەر دەڵێت لە میانەیەوە ڕۆمانی (ئاوریشم)ی نووسیوە، ئەو مۆسیقایەی دەتخاتە ناو ڕووداوەکانەوە بەبێ ئەوەی فەزاکەیان بشێوێنێت. هەروەکو چۆن ئەمە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەبینینەوە.

ئێمە لە ساڵی 1939داین، دایکی ئۆڵتیمۆ بە کوڕەکەی دەڵێت: گەر ویستت کەسێک خۆشی بوێت، هەرگیز خەونەکانی وێران مەکە، چونکە خەونە گەورەکەی، گەورەترین خەونی بێهوودەی تۆیت. ئەمە وانەیەکی جوانی ترە کە لە کتێبێکی تریدا دەیبینینەوە، بەڵام ئەفسوس کە دەکەوێتە کۆتایی ڕۆمانەکەوە.

*هەرسێ ڕۆمانی (ئاوریشم، بەبێ خوێن، نۆڤێچێنتۆ) لەلایەن ئازاد بەرزنجییەوە کراون بە کوردی. یەکەمیان چاپی دووەمی ئەمساڵ دەرچوو، دووەمیان ماوەیەکی تر لەلایەن چاپخانەی (ڕەنج)ەوە چاپو بڵاودەکرێتەوەو سێیەمیش دواتر.

**سەرچاوە:**

جريدة (السفير) الملحق الثقافي ليوم 22-9-2007.

**و: سەهەند**

# ولیام گۆڵدنگ
# ڕۆمانی (پیاوەکان لە کاغەز)

ولیام گۆڵدنگ ڕۆماننووسێکی بەریتانییەو ساڵی 1983 خەڵاتی نۆبلی پێ بەخشراوە. ڕۆماننووس ساڵی 1911 لە هەرێمی کورنوول لەدایکبووەو هەر لەوێش لە قوتابخانەی (مالربورۆ) خوێندویەتی و پاشان ساڵی 1935 کۆلێژی (برازنور)ی (ئوکسفۆرد)ی تەواوکردووە. پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ کراوە بە بەڕێوبەری قوتابخانەی (ورد زورث) لە (سالفریوری). لە ساڵی 1940دا پەیوەندی دەکا بە دەریاوانی پاشایەتی و نغرۆبوونی کەشتیی ئەڵمانیی (بسمارک)ی بینیوە. ساڵی 1944 لە کاتی هێرشکردنە سەر فەرەنسا سەرکردایەتیی کەشتیی مووشەکداری دەکرد. ساڵی 1954 یەکەمین ڕۆمانی (سید الذباب)ی چاپ و بڵاوکردۆتەوە. ئەم ڕۆمانە باس لە کۆمەڵێ قوتابی دەکات لە دوورگەیەکی دوورەدەست و دابڕاودا دەدۆزرێنەوە، کە خویان گرتووە بە ژیانی دڕندانەوە. ئەم ڕۆمانە لە ساڵی 1963دا کراوەتە فیلم و بووە مایەی سەرنجی بەرفراوانی بینەران. ساڵی 1955 یەکێك لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی (الوارثون)ی بڵاوکردۆتەوە. لەم ڕۆمانەدا ڕووبەڕووی دەسەڵاتێکی دڵڕەقانە دەبێتەوە لە خراپەو گەندەڵی. ساڵی 1934 یەکەمین کۆمەڵە شیعری بەچاپگەیاندو پاشان شانۆییەك، بە ناونیشانی (الفراشە النحاسیە). ڕۆماننووس لە کارەکانیدا زۆر بە وردی مامەڵەی لەگەڵ دەروون و ناخی مرۆڤەکاندا کردووە، یەکێك لە هەستە باڵاکانی ڕۆماننووس گرنگیدانێتی بە پاشماوە ئینسانییەکان، هەروەکو نووسەری ژیاننامەکەی لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیدا دەڵێت: ولیام گۆڵدنگ توانیویێتی لە پلەی بەرزدا خۆی ڕابێنێ لەنێوان وسف و ڕووداو و هێماکاندا، بە شێوەیەك کە جێگەیەکی دیاری هەبێت و سەرنجی زۆربەی خوێنەران بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەتایبەتی نەوەی نوێی دوای جەنگی جیهانیی دووەم. ئەوەی لەم کورتە نووسینەدا



دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم، ڕۆمانی (رجال من ورق)ە، ساڵی 1987 لە دیمەشق چاپ و بڵاوکراوەتەوەو (عبدالکریم نامق) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. ڕۆمانەکە کە ژمارەی لاپەڕەکانی (208) لاپەڕەیەو دابەشکراوە بەسەر (16) بەشدا لێرەدا بەر لەوەی قسە لەسەر ڕۆمانەکە بکەم، دەبێت سەرنجێك لەسەر بیرۆکەی ڕۆمانەکە بدەین. نووسەر لە بارەی ڕۆمانەکەوە دەڵێت: لە ڕووی بەهاوە بەرز دەبێتەوە، لەسەر چۆنیەتیی وتن.

بە تێڕوانینی خۆم ئەم ڕۆمانە هەوڵەکانی هێزە باڵادەستەکان دەخاتە ڕوو، کە ئازاییە ئینسانییەکان و ژیانی کەسەکان زەوتدەکات، ئەو هێزانەی لە پاشاندا دەکەونە ڕاوەدوونان و چاودێریکردن و زۆرجار بە شێوازی زۆر سەیر دەیانەوێت ئازادییەکان و خەونەکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس کەسێتییەکان پێشکەش دەکات بەناوی (ریك تکر) کە بەڕەگەز ئەمریکییە و مامۆستای ئەدەبی ئینگلیزییە لە زانکۆی (ئستراخان). نووسەر دەیکاتە کەسێتییەکی دیار لە ڕۆمانەکەدا، هەروەکو خودی نووسەریش بەشداری دەکات و بە ڕاناوی کەسی یەکەم ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، هەروەها لەم ڕۆمانەدا چەندین کەسێتیی تر دەناسێنێ کە کاریگەریی تەواویان هەیە بەسەر ڕووداوەکاندا، بۆ نموونە، (ئالیزابیس)ی هاوسەرەکەی و (ئیملی)ی کچی. لە بەشەکانی تردا کەسێکی تر دەبینین بە ناوی (جونی) کە سیخوڕی دەکات و (ماری لۆ) ئیش بۆ کەسێتییەکی ترسناك دەکات، بەڵام نووسەر کە ئەم ڕۆمانە دەگێڕێتەوە لە ڕۆمانەکەدا ناوی (ویلف باکلی)یە. گرنگیی ئەم ڕۆمانە لەوەدایە دوو ڕووداوی زۆر گرنگ بە یەکیان دەبەستێتەوە، یەکەمیان قسەکردنە لەسەر جەوهەری ئینسان، دووەمیان ئەو دیوە ڕووکەشەیە کە جەستە وێنای دەکات. ئێمە لەم ڕۆمانەدا ڕووبەڕووی گرفتێك دەبینەوە کە تاکی ئەوروپی بەرامبەر دەسەڵاتی بەهێز و سەرکوتکەردا بوونە بەشێك لە ئازارەکانی و خۆی تیادا دەبینێتەوە، ئەو گرفتەش ڕووبەڕووبوونەوەو گەیشتن بە خەونەکانێتی.

# فێستیڤاڵی جیهانیی شیعر چەپکە گوڵی ئاڵتونی دەکاتە خەڵاتی مەحمود دەروێش



فیستیڤاڵی جیهانیی شیعر لە مەسەدۆنیا بە ئامادەبوونی چەند کەسێتییەکی مەسەدۆنی و زیاد لە 50 شاعیری بەشداربووی فێستیڤاڵ، شاعیری فەلەستینی مەحمود دەروێش–ی وەك شاعیری داهێنەری جیهانی بۆ ساڵی 2007 هەڵبژاردو خەڵاتی فێستیڤاڵی پێبەخشی، کە پێکهاتووە لە چەپکە گوڵی ئاڵتونی.

ڕۆژنامەی (الأیام)ی فەلەستینی لە زاری مەحمود دەروێشەوە بڵاویکردەوە: ئەو خەڵاتە بۆ ڕێزنانە لە فەلەستینییەکانو گەلی فەلەستین، لە بوونی مافیان لەسەر خاك و نیشتمانی خۆیان. دەروێش لەسەر ئارەزووی دەستەی فێستیڤاڵ، لە هەوارگەیەکدا نەمامێکی چاند، لەسەر پێشنیاری خۆیشی بڕیار درا لە بەهاری داهاتوودا نەمامێکی زەیتون وەك هێمایەك بۆ فەلەستینییەکان لەپاڵ ئەم نەمامەدا بنێژرێ. دەروێش دووەمجارێتی لەم فێستیڤاڵەدا بەشدار دەبێت، کە جاری یەکەم لە خولی ساڵی 1978دا ئەندامی شاندێکی فەلەستینی بوو لەوێ. فێستیڤاڵ لە هەوارگەی ستروگای سەر کەناری دەریاچەی ئۆخریدی باشوری خۆرئاوای مەسەدۆنیا چالاکییەکانی خۆی سازدەکا، کە ئەم چالاکییە 46 ساڵە بەردەوامەو بە یەکێ لە چالاکییە شیعرییە هەرە گەورەکانی دونیا دادەنرێو لەژێر دروشمی "پردەکان"دا ساڵانە سازئەکرێ، کە گرنگی بە بزووتنەوە رزگاریخوازەکانو مەسەلەکانی مرۆڤ دەداتو سەرۆکی پێشووی یۆگۆسلاڤ (جۆزێف تیتۆ) پاڵپشتی لێکردووە.

جێی باسە دەروێش دووەم شاعیری عەرەبییە لەدوای ئەدۆنیس بە دە ساڵ ئەم خەڵاتە وەربگرێ، هەروەها لیژنەی هەڵسەنگاندنی خەڵاتی قاهیرە بۆ شیعری عەرەبی، لە مانگی فێبرایەری ڕابردوودا، سەرکەوتنی دەروێشی بۆ بەدەستهێنانی "خەڵاتی قاهیرە بۆ شیعری عەرەبی" ڕاگەیاند، کە دەروێش لە داهێنانی شیعری نەوەستاوە.

**ئا: نەورۆز حسێن**

## فەڕەنسا

# ڕێز لە شەهرامی نازری دەگرێت



بەئامادەبوونی ڕاوێژکاری یەکەمی سارکۆزی سەرۆکی فەڕەنسا و لە هۆڵی (تیاتر دۆلاویلی) ئێوارەی شەممە 9/29 لە مەراسیمێکدا کە بەشێکی زۆری کەناڵە جیهانی و ناوخۆییەکانی فەڕەنسا ئامادەبیبوون، خەڵاتی (شوالیە) کە بەرزترین خەڵاتی هونەرییە لە فەڕەنسا بە گۆرانیبێژی ناسراوی کورد شەهرامی نازری بەخشرا، ئەم خەڵاتەش لەپای خزمەتی ئەم هونەرمەندە بە ڕەوتی هونەریی لە وڵاتەکەی و دەرەوەی وڵاتەکەی ، ئەمە جگە لە هاوکاری و پەیوەندیی هونەریانەی نێوان شەهرامی نازری و هۆڵی تیاتر دۆویلی، بۆ پێشکەشکردنی کۆنسێرتە هونەرییەکانی هونەرمەند هۆکارێکی تر بوو لە پێشکەشکردنی ئەم خەڵاتە. شەهرامی نازری لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەدا زۆر سوپاسی گەل و هونەری فەڕەنسی کرد کە وەك مەڵبەندی هونەریی ئەورووپی ئەو خەڵاتەیان بەو بەخشیوەو ئەوەشی ڕاگەیاند هەمیشە فەڕەنسا ویستگەیەکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی لەوێوە بەرەو وڵاتانی تر بڕوات بۆ پێشکەشکردنی کۆنسێرت و چالاکییە هونەرییەکانی.

# زەمینەی مێژوویی بۆ هونەری فۆتۆگرافی



یەکەمین کامێرای فۆتۆگراف لە مێژوودا

لە یەکەمین وێستگەی گۆشەی فۆتۆ سکۆپ هەوڵ دەدەین لە کورتترین ماوەدا چەند خاڵێکی گرنگ لە مێژووی هونەری فۆتۆگرافی بخەینەروو، تاکو زەمینەیەك بێت بۆ چوونە ناو ئەو هونەرەو بتوانین لە داهاتوودا هەرجارەو هونەرمەندێکی فۆتۆگرافەرو یەکێك لە کارەکانیو شێوازی کارەکانی بەیان بکەین بۆ ئارەزوومەندانی ئەو بوارە.

فۆتۆگرافی لە سادەترین پێناسەدا بریتییە لە وشەیەکی لێکدراوی لاتینیی کۆن (photos-فۆتۆس) بەواتای رووناکیو (Graphen – گرافن) بەواتای کێشان یاخود وێنەکێشان. هەردوو وشەکە پێکەوە کە بە تێپەڕینی کاتو تێکەڵبوونی واژەکان لە سەردەمدا دەکاتە (photography– فۆتۆگرافی) بەواتای نیگارکێشان بە رووناکی، بەو پێیەش دەچێتە خانەی هونەری شێوەکاری، بەڵام بەشێوازێکی تەکنیکی نوێوە.

جیاوازیی نێوان نیگارکێشان بەدەست و نیگارکێشان بە رووناکی (فۆتۆگرافی) ئامێرێك دروستی دەکات پێیدەوترێت (Camera – کامێرا) ئەم ئامێرەش بۆ یەکەمینجار لەساڵی 1342دا داهێنەری گەورە (ئەلکساندەرین) دروستیکردووە، لەو رووەوە (لیۆناردۆ داڤنشی) گەورە نیگارکێشی ئیتالی لەنێو یاداشتەکانیدا باس لەو داهێنانەی ئەلکساندەر دەکاتو بە کامێرای (ئۆبسکورا) ناوی دەبات. پاش ئەویش زانای فیزیکدانی ئیتاڵی (جیرم کاردان) توانیی ساڵی 1550 کامێرایەك دروستبکات کە نیگارکێشەکان بتوانن بە ئاسانی سوودی لێوەربگرن بۆ نیگارکێشان بە رووناکی. یەکەمین کەسیش کە توانیی وێنەی فۆتۆگرافی نێگەتیڤ لەسەر پەڕەی کاغەز چاپ بکات (جوسیف نیسەفۆر نیپس – **Nicéphore Niépce**)ی فەرەنسی بوو لە ساڵی 1822دا. کاتی رووناکیدان وەك ئێستا تەنها چەند چرکەیەك نەبوو، بەڵکو زیاتر لە هەشت سەعات رووناکییان دابینکرد بۆ گرتنی یەکەمین وێنەی خۆیان، وێنەکەی نیپس یەکەمین وێنە نەبوو، بەڵکو یەکەمین وێنەی بەجێماوە لە مێژووی فۆتۆدا. بەڵام دواتر وەك هەر هونەرێکی دیکە، فۆتۆگرافیش پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، کە بە هاوکاریی تەکنەلۆژیا توانرا وای لێبکرێت، زۆرترین کەس بتوانی سوودی لێوەبگرێت.

لە ژمارەکانی داهاتووی (فۆتۆ سکۆپ) هەرجارەو باسی فۆتۆیەك یان فۆتۆگرافەرێکی بەناوبانگ دەکەینو یەکێك لە کارەکانیان پێشکەش دەکەین.

**سۆران عەبدوڵڵا نەقشبەندی**

**soranmail@photo.net**



یەکەمین وێنەی فۆتۆگرافی بەکامێرای جۆزیف نیسە فۆر